# بۆچی لە هەڵبژاردندا دەنگ بە سۆسیالدیموکراتەکان دەدەین؟

بەو زووانە هەڵبژاردن لە سوێد دەکرێت!

دەنگدان و بەشداربوون لە هەڵبژاردندا هەر بە تەنها پێوەندیی بەو کەسانەوە نییە کە مافی دەنگدانیان هەیە. سەرئەنجامی هەڵبژاردنەکەیش هەر بە تەنها کاریگەریی لەسەر ئەوانە نییە کە دەنگ دەدەن.

لەبەرئەوە گرینگە بزانین لەبەرچی دەنگ دەدەین، دەنگ بە کێ بدەین و کێ چی قازانج · یان زەرەر- دەکات کاتێک ئەم بەرە یان ئەو بەرە دەیباتەوە.

حکومەتێکی نوێ نێزیکەی بە مانای سیاسەتێکی تەواو نوێ دێت بۆ بەرێوەبردنی وڵات. ئەو سیاسەتە سەبارەت بە نەخۆشخانە، خوێندنگا، ئینفراستروکتور، منداڵان، ژنان، بەرابەریی، یەکسانیی، کەمئەندامان و ئەو گرووپانەیە کە لە کۆمەڵگادا لاوازن.

ئەرێ، بە کورتیی، دەنگدان سەبارەت بە هەموو ژیان و ئەوەیە کە پێوەندیی بە ژیانەوە هەیە.

هەڵبژاردن و حکومەتێکی نوێ سەبارەت بە ژیانی رۆژانەمان، بە ئاسایشمان، بە دڵخۆشیی و حەزی ژیانمانە، بەڵام هەروەها سەبارەت بە ئاییندە و بە ئاییندەبینیمانە.

هەروەها سەبارەت بە پارەی باجدەران و کەرەستە و سامانی وڵاتە، هەروەکو چۆن سەبارەت بە تواناگەلی هەمووان و توانای دانایی و زانایی و بەشدارییانە.

کۆمەڵگای سوێدی هەر بە تەنها لە کەسانی بەهێز، خاوەن توانا، و هەمیشە تەندروست و سەرحاڵ پێک نەهاتووە کە بە بڕیارەوە بزانن چیان گەرەکە. کامەرانیی و بەختیاریی هەمیشە لە سەری کۆڵان چاوەڕێ ناکەن. ئەو داستانە ڕاست نییە کە هەموو "کوڕە خزمەتکاریکی هاسانسوار" دەتوانێت بە ئارەزووی دڵی خۆی بگات و دەبێت بەو شتەی ئارەزووی دەکات. بەڵێ، بە پێچەوانەی ئەوەی کە پێی لەسەر دادەگیرێت لەوە دەچێت ئەو شتەی پێی دەگوترێت "پیشەی کات تێپەڕاندن/ پیشەی پیادا تێپەڕبوون genomfartsyrken" بۆ خەڵک ببێت بە تەنها ئەڵتەرناتیڤێک کە هەبێت و کە هەیانە. بۆ

نموونە، شۆفێرتاکسی زۆرن کە خاوەن خوێندنی باشیشن و کە ئەزموونی کاری باشیان هەیە، بەڵام هەرگیز هەلیان چنگ ناکەوێت لەسەر بناخەی خوێندنەکەیان پێش بکەون و کەڵکی دروست بە کۆمەڵگا بگەیەنن. لەوێدا تاکسی شۆفیریی وەکو "پیشەی کات تێپەڕاندن/ پیشەی پیادا تێپەڕبوون genomfartsyrken" نابێت، بەڵکو بۆ زۆر کەس دەبێت بە کاری ژیان.

ئێمە هەموو تاکەکەسی جیاوازین. هەموومان لاوازیی جیاوازمان تێدایە، بەڵام سەرمایەیەکی گەورە لە خەسڵەتگەلی باش و دروستمان تێدایە. هەر خۆمان بە تاک و تەنیا موعجیزەمان پێ ناکرێت، پێویستمان بە یەکترە!

ئەرێ، پێویستمان بە یەکترە کاتێک کە خەمگینین و بەپرسیار دەمێنینەوە، کاتێک کە پێمان وایە ژیان تاڵ و کرچە و کە لە بەردەم لایەنە تاریکەکانی ژیاندا ڕادەوێستین، کاتێک کە تەندروستیمان باش نییە و نەخۆشین و دەزانین شایستەی دەرمان و تیمارێکی باشین، کاتێک کە منداڵەکانمان لە دەرەوە یاری دەکەن یاخود لە باخچەی ساوایان لە دەستی خەڵکی دیکە، یان لە خوێندگا دان.

ئێمە پێویستمان بە یەکترە تەنانەت ئەو کاتەیش کە وەک تاکەکەس هەر زۆریش بەهێز و سەربەخۆ بین. هەبوونی تاکەکەسی بەهێز و تەندروست و هۆشیار لە بەردەم کۆمەڵگایەکی کۆمەڵیی بەهێز و تەندروست و دڵخۆشدا کۆسپ نییە. لێرەدا هیچ دژایەتیک نییە، چونکە ژیان پڕە لە شێوە و گۆڕانکاریی جیاواز بۆ هەر یەکێکمان.

پێکەوە بەهێزترین!

باسەکە ئەوە نییە کە ئێمە ببین بە ڕۆبین هودیک ـ ی مۆدێرن کە بە دەستێک لە زەنگینان بستێنین و بە دەستێک بە هەژارانی بدەین، یان پیرە "سکروج" بین کە حەتمەن دەبێت فریشتەیەکی سزا لەو دونیاوە بێتە خەومان و ڕامان بچەنێت تا دووبارە هۆشیار ببینەوە و مرۆڤایەتی و ویژدان پەیدا بکەینەوە، یاخود ببین بە "ڕۆبینسۆن" ـێک کە لە دوورگەیەکی کاکیبەکاییدا سەرەڕای هەموو دژواریەکیش هەر سەربکەوین.

ئێمە بە گشتیی هەموو تاکەکەسگەلی ئاسایین کە دەتوانین دووچاری نەخۆشین ببین و توانامان کەم بێتەوە. کۆمەڵگا بەردەوام لە گۆڕاندایە و ئەزموونگەلی کار و خوێندنمان کۆن دەبن. هیچ کەسێک ناتوانێت بە بەردەوامیی ماشینێکی سەرکەوتوو و بەردەوام ڕەقابەتکار بێت. هەمیشە نەوەی نوێ پەیدا دەبن کە بە ڕێژە دەتوانن ئەزموونی کاری باشتر، پیشەی نویتر، خوێندنی سەردەمیتر و خوێنێکی تازەتریان لە ئێمەی بەتەمەنتر هەبێت.

لەبەرئەوەیە ئێمەی سۆسیالدیموکرات دەڵێین: پێکەوە بەهێزترین.

ئێمەی سۆسیالدیموکرات بەوە دەڵێین هاوپشتیی!

هاوپشتیی هەستێکە بۆ ڕێزگرتن لە ژیانی هەمووان، لە توانای هەمووان، لە زانایی هەمووان، لە بەشداریی هەمووان و لە تەندروستیی هەمووان!

هاوپشتیی سەبارەت بە ئێستایە، بەڵام لە هەمانکاتیشدا ئاییندەبینیەکە لە ڕێزگرتن بۆ بەشداریی هەمووان.

کە هەمووان لەگەڵدا بن بەشێکە لە گیانی هاوپشتیی!

هاوپشتیی بەو مانایە دێت کە تاکەکەس لە کۆمەڵدا هەلی بۆ دەرەخسێت خۆی بێت. مرۆڤ کریستیانە، جووە، موسڵمانە، هاوجنسباز یان شتێکی دیکەیە، ڕەشپێستە، سپیپێستە یان هەر شێوە ڕەنگێکی دیکەیە، کورتە، درێژە یان مووی کەم و زۆر بە سەر و لەشیەوەیەتی. ئەمانە هەمووی ئەو ڕاستیەمان بۆ بەرجەستە دەکات: هاوپشتیی مانای ئەوەیە کە هەموومان مرۆڤین و مرۆڤبوونەکە خۆی لە خۆیدا نرخ و بەهایەکی هەیە.

هاوپشتیی بە مانای هەبوونی ماف دێت بۆ بەشداربوون لە کۆمەڵگادا، کە هیچ کەسێک فڕێ نەدرێتە دەر سیستەمی باشبژێتیمان تەنها لەبەرئەوەی سەر بە ئەتنیکێکی دیکە، ئایین و ئایینزا و جنسێکی

دیکەیە یان جۆرێک لە هەوەسی سێکسی ناهیترۆیی هەیە و کە بەگشتیی لەگەل زۆربایەتییدا جیاوازە. ئەمە هەروەها ئەو گرووپانەیش دەگرێتەوە کە لە کۆمەڵگادا بە گرووپگەلی لاواز ناوەزەند دەکرێن.

هاوپشتیی بە مانای دۆزینەوەی جۆرێک لە یەکسانیی و تەرازووبوون دێت کە تیایدا هەمووومان بتوانین و هەلمان بۆ بڕەخسێت خۆدەربڕین، غیرەتی سڤیلمان بخەینە کار و بەرەنگ بین و بوێرین ئەوە بخەینە ژێر پرسیار کە لێی تێناگەین و کە بیین و مافگەلە دیموکراسیەکانمان لە پراکتیکدا پیادە بکەین. مرۆڤ دەبێت بتوانێت ڕەخنە لە کۆمەڵگا بگرێت بێ ئەوەی لە هەڕەشە و گوشار و تۆڵەسەندنەوە بترسێت.

هاوپشتیی لە تاکەکەسدا هاوکات بە مانای خۆڕەخنەکردن دێت، ئەرکداریی کە گوێ لە هاومرۆڤەکان بگیردرێت، کە لە خولیای بیری پۆزەتیف و گەشبیندا بین، کە بەبەرهەم بین و ئەرکداریەکانمان بە ئەنجام بگەیەنین. هاوپشتیی بریتیە لە خۆبینینەوە لەوەی کە هاومرۆڤەکان چۆن دەیگوزەرێنن و چۆن بەرخورد دەکەن. هاوپشتیی بریتیە لە دیدێکی خۆبینیی و کۆمەڵگابینیی.

هاوپشتیی وەکو سیاسەت بریتیە لە کۆشش بۆ دۆزینەوەی یەکسانیی/هاوتەرازوویی و ویستی هاوکاریی.

هاوپشتیی ئایدیالی سۆسیالیزمی دیموکراتیکە. هاوپشتیی لەسەر بناخەی ویستە و دڵخوازیی بۆ هاوکاریی دامەزراوە دژ بە سەرۆکایەتی دیکتاتۆریی و بیرۆکراتیی بۆر و خواستی گۆترەیی لە دامودەستگاگەلی جیاوازی دەوڵەتدا. هاوپشتیی زۆر دوور لە دروشمێکی ئایدیۆلۆژییە، بەڵکو کۆششێکی ڕەووشتییە لە کار و ئەرکی سیاسییدا.

سۆسیالدیموکراتی لە مێژووی دووروردرێژی تێکۆشانی خۆیدا کە بۆ هێنانەدی ڕۆژ و ڕۆژگارێکی باشتر بۆ مرۆڤ خەباتی کردووە، نیشانی داوە کە هەڵوێستی هاوپشتیی و هاوپشتییبوون دوورە لە دەمچەورکردنێکی کاتیی بۆ وەدەستهێنان و بردنەوەی دەنگ. بیری هاوپشتیی پڕ بە مێژووی ١٢٠ ساڵەی پارتی کرێکاریی سۆسیالدیموکراتی سویدیە!

هاوپشتیی جۆرێکە لە بیرکردنەوە، لە بەرخورد و لە کارکردن.

لەبەرئەوەیە ئێمە دەنگ بە سۆسیالدیموکراتیی دەدەین، لەبەرئەوەیە دەنگ بە سۆسیالدیموکراتەکان دەدەین!

بەرەی سوورسەوز دەبێت سەر بکەوێت تا بتوانین پێکەوە سوێدێکی ئاساییش و تەندروست و دەوڵەتمەند دابمەزرێنن، بەڵام سوێدێکیش کە هاوکات توانای ڕەقابەت و ویستی ڕەقابەتی هەبێت کە بتوانێت لە گۆڕەپانی نێونەتەوەییدا بمێنێتەوە.

ئەوە گرینگە کە ناوی دروستی سوێد لە کار و بازرگانیی نێونەتەوەییدا، لە سیاسەت و دیپلۆماتیی نێونەتەوەییدا بە باشیی بهێڵینەوە. سوێد دەبێت ڕەنگی سوورسەوزی خۆی بهێڵێتەوە تا بتوانێت خەباتی خۆی بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ درێژە پێ بدات.

هاوپشتیی بیرێکی سیاسییە کە گشت و تەواو پێکەوە بە بەشە بچووکەکانەوە دەبەستێتەوە. بیرێکی سیاسییە کە بیر لە تەندروستیی و باشبژێتیی گشتیی کۆمەڵ دەکاتەوە، و هاوکات چارەسەری دانسکە و پێویست بۆ ئەو گرفتانە دەدۆزێتەوە کە تاکەکەس و گرووپەکان بە شێوەی جیاواز هەیانە.

پیادەکردنی هاوپشتیی بە هیچ شێوەیەک کارێکی هاسان نییە. بەڵام کێ دەڵێت کە سیاسەت دەبێت سیحر و تەڵەکەبازیی و پینەوپەڕۆ بێت؟ کێ دەیەوێت ٠ هەر بە ڕاستیی ٠ کە سیاسەت ببێت بە هونەرێک بۆ شاردنەوەی کەموکورتیی و ساختە و گەندەڵیی، بۆ خزمخزمێنە و نیپۆتیزم؟

سیاسەت دەبێت گران، ئاڵۆز و پێچیدە و زەحمەت بێت، لەبەرئەوەی شتێکە پێوەندی بە ژیان و مردن و هەموو ئەوەوە هەیە کە لەو بەینەدایە. بەڵام هاوکات سیاسەت دەبێت خۆش و بە جۆرێک بە سەفا بێت و هاسان لێی تێبگەیرێت، چونکە ئێمەگەلێک کە لە ژێر کاریگەریی سیاسەتداین نە پیاوانی سوپەرمانین و نە ژنانی ئەفسووناز. لە شوێنێکدا و بە شێوەیەک هەموومان دەبێت حاڵیی ببین کە سیاسەت بە چ مانایەک دێت و خەریکی چییە، چونکە لە هەرە کۆتاییدا سیاسەت سەبارەت بە پارە و کەرەستە و سامان و ویژدان و ئاسایش و ژیانمانە.

له ١٢٠ ساڵی ڕابردوودا سۆسیالدیموکراتیی و بزووتنەوەی کرێکاریی دیموکراتیکی ڕیفۆرمخواز له سوێد بە سەختیی له کار و خەباتدابوون بۆ ئەوەی سیستەمێکی بیمەی کۆمەڵایەتیی دادوەرانە و ڕەوا و بازاڕیکی کاری دادوەرانە دابمەزرێنن، دوور له هەڵاواردن و وەدەرهاویشتن، مەیدانێک کە جێگای هەر زۆرینەی خەڵکی تێدا ببێتەوە.

ئەوە خەباتێکی دوور و درێژ و پڕ زەحمەت بووە، بەڵام سۆسیالدیموکراتیی تا ئەو پەڕی بردوویەتی!

سوێد گۆڕەپانی نێونەتەوەییدا له زۆر بوواردا و له زۆر ئاستدا وڵاتێکی ڕابەرە.

ئەم باسە باسی فشە و فیشاڵ و ئەفسوونگەریی نییە. له شوێنێکدا ئیدی ئێمە دەبێت کۆنکرێت بین، کە پرسیارەکان بە جیددی وەربگرین و کە سیاسەت و پلانکاریی و ئاییندەبینیەکانمان بە دەستی ئاوەڵەوە بخەینە سەر مێز.

ئەم مەسەلەیە پێوەندیی بە سەدان هەزار و بگرە ملوێنەها هەنگاوی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و بە ڕیفۆرم هەیە بۆ ئەوەی سوێدێک بونیاد بنێین کە جێی دیار بێت و کە له گۆڕەپانی نێونەتەوەییدا ڕێزی بگیرێت.

ئەو ڕووخسارەی کە سوێدێکی تەندروست و بەهێز ڕوو بە دەرەوە نیشانی دەدات، دەبێت خوێندنگای باشتر، نەخۆشخانە و بنکەگەلی تەندروستیی باشتر، بنکەگەلی لاوان و کاتی ئازادی باشتر، خانەی پیرانی باشتر و مەرجگەلی باشتر بۆ خانەنشینان بگرێتەوە. ئەو ڕووخسارە هەرووەها دەبێت سیاسەتێکی پەناهێندەیی زیاتر مرۆڤیانە و سیاسەتێکی ژینگەهۆشیاریی و ژینگەیی بگرێتەوە کە بۆ نموونە کێشەی ئاووهەوا و بەرابەریی و یەکسانیی بە جیددی وەربگرێت، سیاسەتێکی لەو جۆرە تێی دەچێت!

هەمووان دەبێت تێنگەن کە سیستەمێکی باشبزیی/ خۆشگوزەرانیی هاوبەش کە لەسەر هاوپشتیی دامەزرابێت، تێی دەچێت.

سیاسەتێکی لەو جۆرە پارە، کەرەستە و کات و تۆلەرانس و بەدەربەستەوەهاتن و باشمەبەستیی تێ دەچێت!

ئێمەی سۆسیالدیموکرات دەتوانین ئەو تێچوونە هەڵبگرین چونکە دەزانین ئەوە باشترین سەرمایەگوزارییە کە بتوانین و کە دەتوانین بیکەن، چونکە ئەو سەرمایەگوزارییە پێوەندی بە ئێستامانەوە هەیە کە تیایدا دەژین، بەڵام هەروەها پێوەندی بە هەل و ئیمکانیاتگەلی ئاییندەشەوە هەیە بۆ نەوەگەلی داهاتوو.

منداڵان و نەوجەوانانی کۆمەڵگای ئەمڕۆ دەبێت هەست بکەن و ببینن کە پشتگیریی، بەدەربەستەوەهاتن و خۆشەویستیی ئێمەیان هەیە، لەبەرئەوەی ئێمە دەمانەوێت ئەوان لە کۆمەڵگایەکی باشدا گەورە ببن. ئەوە منداڵانی ئەمڕۆن کە لە ئاییندەدا ئێمە بەخێو دەکەن. بە هیچ شێوەیەک نابێت بهێڵین لاوانی ئەمڕۆ لە دەرەوەبوون و لەگەڵدانەبووندا گەورە ببن.

هەمووان دەبێت لەگەڵدا بن!

بەڵێ، هەمووان دەبێت لەگەڵدا بن: منداڵان، لاوان و گەورەساڵان و بەساڵداچووان، ژنان و پیاوان!

سۆسیالدیموکراتیی هەروەها گرەوی زۆری لەسەر هاوکاریی نێونەتەوەیی کردووە، لەسەر یارمەتیدانی گرووپگەلی تووشبوو لە وڵاتانی دیکە، گرەوی خەبات لەسەر مافگەلی کەمایەتیەکان و مافەکانی مرۆڤ، بێ ئەوەی کە بێت و ڕاستەوخۆ دەست وەربداتە کاروباری ناوخۆی ئەو دەوڵەتانەوە و ببێتە مایەی دروستکردنی زوێریی. کاری وا دەست و قامک نەرمبوونێکی سیاسیی پیویستە کە بتوانێت ئاخافتن و پێوەندیی بە پێوە ڕابگرێت. لە درێژخایاندا زۆرینەی خەڵک تێ دەگەن کە سۆسیالدیموکراتیی بڕووای بە ڕیفۆرم و خەباتی ئاشتیانە و ئاشتیخوازانەیە، بڕووای بە بەرژەوەندی هاوبەش و ڕێزی هاوبەشە. ئەمە ئەرکێکە کات و وزە دەخوازێت: سیاسەتی لەم جۆرە سەبر و تۆلەرانسی سیاسیی و بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندن دەخوازێت.

خەڵک هەن کە ڕەخنە لە سیاسەتی سۆسیالدیموکراتیی لەسەر یەکێتی ئوروپا دەگرن. ئەوانە بە دڵەوە سەبارەت بە کەمهێنانی دیموکراسیی، بە چەقبەستنی دەسەڵات لە دوور ڕا، بە مەمەڕی داخراوی دەسەڵات قسان دەکەن و دەڵێن کە قەرز و فەرامۆشیی خەڵکانی دیکە بە پارەی ئێمە دەدرێت.

ئێمە دەڵێین سۆسیالدیموکراتیی زۆری وەدەسهێناوە لەو ڕووەوە کە مەرجگەل و بارودۆخی ناو یەکێتی ئوروپا باشتر بکات. ئەم باشترکردنانە گەلێک بواری جیاواز دەگرنەوە. کردنی ئوروپا بە خێزانێکی گەرموگوڕ کە کارەکانی باش بەڕێوە بچێت خەباتی بەردەوام و غیرەت دەخوازێت. سۆسیالدیموکراتیی خەباتی بۆ دیموکراتی زیاتر، چاوەدێریی باشتر و یەکسانیی و بەرابەریی باشتر کردووە، هەروەها خەباتی بۆ هەبوونی کاری تەواو و بۆ سەرپەرستیی ئابووریی و دراویی کردووە تا بتوانرێت کۆنترۆڵی ناردن و وەرگرتنی دراوی و فینانسی بکرێت. یەکێتی ئوروپا دەبێت بتوانێت وەکو یەکێتیەکی خۆگر کار بکات.

ئێمە تا دەتوانین دەبێت خەڵکانی بەئەژمارتر بڕووا پێبهێنین کە بێن و دەنگ بدەن، لەبەرئەوەی دیموکراتی مەرجی بەشداربوونێکی زۆرتر لە دەنگداندا دەسەپێنێت. تا زیاتر لە خەڵک بەشداریی لە دەنگداندا بکەن، بڕیارە سیاسیەکان باشتر لەسەر بناخەی دیموکراسیی دەدرێن. بەشداربوونێکی بەرز لە دەنگداندا بە قازانجی سۆسیالدیموکراتیی دەگەڕێتەوە، لەبەرئەوەی زۆرینەی خەلک لەگەڵ بەها و نرخگەلەکانی سۆسیالدیموکراتییدا ڕەحەتن. سۆسیالدیموکراتیی زامنی سیستەمی باشبژێتیە/ خۆشگوزەرانییە، هاوکات کە ئەو ئەڵتەرناتیڤانەی دیکە کە هەن زیاتر ڕووەو ئەو لایە ئاماژە دەکەن کە هاووڵاتیان خۆیان لە پارەی خۆیان حەقی ئەو خزمەتگوزاریی و پێویستیانە بدەن کە هەیانە و کە دەیانبێت. جیاوازییە فرە ڕوونەکە ئەوەیە: خۆت لە ڕێگای دەنگ دانەوە دەتوانیت هەڵبژێریت، یان دەبێت کیفەکەت پڕ بێت لە پارە!

ئێمە نامانەوێت تاکەکەسەکان، بە تاک و تەنیا، ڕووبەڕووی هەموو ژیان ببنەوە.

سەرەرای هۆیەکان، هەر دەنگێک کە ئێمە بە سۆیسالدیموکراتیی نەدەین بە قازانجی سیاسەتێکی دیکە دەشکێتەوە. مافی دەنگدان لەسەر ئێمە تێکۆشان و ڕەنجێکی زۆر کەوتووە. لە زۆر وڵاتی دونیا

مافی دەنگدان خوێن و خەباتێکی تاڵ و دژوار لەسەر دانیشتووانیان کەوتووە. ئێمە نابێت بهێڵین کە مافێکی لەو جۆرە هەروا بە هاسانی لە کیسمان بچێت. دەنگ نەدان زەمینە بۆ ئەوە خۆش دەکات کە لایەنانی دیکە لەسەر حیسابی ئێمە ببەنەوە.

دەنگ دان بە سۆسیالدیموکراتیی بەو مانایە دێت کە ئێمە مافی هەبوونی کار، مافی ئاسایشی زیاتر لە کاردا، مافی بەساڵداچوونێکی شایستە بە هەمووان دەدەین. مافی ژیانێکی ئاسایشتر و بەختەوەرتر و مافی بەشداربوون و لەگەڵدابوون بە هەمووان دەدەین.

ئەرێ، مافی لەگەڵدابوون و هاوبڕیاریی لە کۆمەڵگادا!!

با پێکەوە وا بکەین کە سۆسیالدیموکراتیی هەڵبژاردنەکە بباتەوە و حکومەت پێک بهێنێت. با پێکەوە حکومەتێکی سوورسەوز و سوێدێکی سوورسەوزمان هەبێت کە جێگای هەموومانی تێدا بێتەوە!

**کۆمەڵە - پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان**

٢٠١٠/٧/٣٠